الاتحاد العام اللاجئين العراقيين- فرع بريطانيا

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-BRITAIN

بەیانی یەی رۆژنامەگەری٦:

## راگرتنی چارەنووسی هەزاران پەنابەری عیراقی لەلایەن دەولەتی بەریتانیاو UNHCRوە

## کردویەکی دژ بە مافەکانی پەنابەرانە

پێ بەپێ ئەو نامانەی کە لەلایەن دادگاوە بە پەنابەرانی عیراقی دەگات کەیسی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا دووبارە بۆ ماوەی شەش هەفتە راگیرا، بەم شێوەیە تەواوی پەنابەرانی عیراقی لەلیستی دادگادا لابرا لەژیر ادعای ئەوەدا( کە ئیستا بارودۆخی عیراق ئەوە دەخوازێ ئەگەر چی رژیمیش لە عیراقدا گوراوە،بەپێ قسەو باسێك کە لەبەینی سەرۆکی دادگاو UNHCRداکراوە).

بەو زانیاریانەی کە دادگا داوێتی کەیسی ١٦٠٠پەنابەری عیراقی لەلیستی دادگادا دەرهێنراوە لەگەل کەیسی ٧٠ پەنابەری تری عیراقی تریش کەلە ٢١-٣-٢٠٠٣لەدادگادا راگیراون ،دەولەتی بەریتانیاو UNHCRبەرپرسیارن لە بەرامبەر چارەنووسی پەنابەرانی عێراقیدا.

خەڵکی عیراق کە گەورەترین چەکی کوشندەی لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە لەسەردا تاقی کرایەوە ،شەرێك لەپێناو داسەپاندنی (نەزمی نۆی جیهانی ئەمریکادا)هەزاران کەس لەخەڵکی بێ تاوانی عیراقی بووە قوربانی وبەدەیان مندال بێ دەست وپێ کرا ،شیرازەی کۆمەڵگای مەدەنی عیراقی لەبەر یەك هەل وەشاند ،سەرباری ١٢ سال گەمارووی ئابووری برسی کردن وبێ دەرمان کردنی خەڵکی عیراق ،بێ ئاوی وبێ کارەبای و نائەمنی سەرتاپای کۆمەڵگای عیراقی لەگەل مەرگدا رووبەرووکردوتەوە.

ئەمریکاو بەریتانیا بەلینیان دا عیراق بکەنە نموونەی دیمکراسی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا ،بەلام بەئاگرو ئاسن وەلام بەداواکاریەکانی خەڵکی عیراق دەدەنەوە ولەئاکامی ئەو سیناریوو رەشەی بەرپایان کرد ،کۆمەڵگا لەگەل کێشەی قەومی ونەژادی ومەزهەبی وریگا دان بەکۆنەپەستی ترین ئەحزابی ئیسلامی داوە بەربنە گیانی خەڵکی عیراقو کۆمەڵگا بۆ دواوە بگیرنەوە.

دانانی حکومەتێکی کاتی و دەست گرتنی جەنەرالەسەربازیەکانی پێشوی رژیمی بەعس بۆ دەسەلات دارێتی لەعیراقدا ویارمەتی دانی ئۆپۆزسیونی عیراقی کەدەستگرتووی خودی ئەمریکاو بەرتانیا بوون ،پێشیل کردنی سەرەتای ترین مافەکانی خەڵکی عیراقە لە هەل بژاردنی حکومەتی دلخوازی خۆیاندا،خەڵکی عیراق خەڵکێکی مەدەنی وسکولارە،گەربەراستی لەگەل رزگاری خەڵکی عیراقن دەست بەجێ سەربازەکانی ئەمریکاو بەریتانیا عیراق جێ بهیڵن رێگا بدەن بە نەتەوە یککرتووکان ئەمنیتو ئاسایشی خەڵك بپارێزێ تا ماوە هەبێ خەڵکی عیراق لە فەزایەکی ئازادانەدا حکومەتی خۆی دامەزرێنێ ئەمە گەورەترین کۆمەکە بەخەڵکی عیراق.



www.kurdistannet.org

ئەمـریکاو بەریتانیا کە خۆیان سەرچاوەی کێشە گیروگۆفتەکان و هۆکاری ئاوارەی ورووکردنی سەدان پەنابەری عیراقی بوون بۆ دەرەوە ،کەچـی ئامـادەنین مـافی پەنابـەری بـۆ پەنابـەرانی کـوردو عیراق بەرەسمی بناسێنن،مەلەفی پەنابەرانی عیراقیان راگـرتووە لەکاتـێکدا ئەوپـەری نائـارامی بالی پەسەر عیراقدا راکێشاوە،بەهەزاران پەناهاندە لەو پەری بێ مافی وبرینی حقوق ولێ سەندنەوەی خانووبەرەبەروکی پێگرتوون ،ئێستاش بێ وەلام وترسی گەرانەوە بۆ عیراق نیگەرانی کردون.

ئـێمە لەفدراسـیونی گشـتی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا داوای دەست بەجێ بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری دەکەین بۆ تـەواوی پەنابـەرانی عیراقـی، وراگـرتن وبـێ وەلامـی بەرامـبەر بە پەنابەرانی عیراقی دژایەتی کردنە بەسەرەتای ترین حقوقی انسـان ومافـەکانی پەنابـەری لەلایەن دەولەتی بەریتانیاوUNHCRوە،داوا لەتەواوی رێکخراوەپەنابەری وانسانی وئەحزاب ورێکخراوەکـرێکاریەکانی بەریتـانـیا وبزووتـنەوەی دژی شـەردەکەین پشـتیوانی لە پەنابەران بکەن ،نامە ئاراستەی وەزارەتی داخلـی وبەرگـری لەمافـەکانی پەنابـەرنی عیراقـی بکـەن ،پەنابەرانی عیراقی چاویان لەهاوپشتی ئێوە بریوە وەك هەرئەو ەی لەبـەرەی دژی شەرو خەڵکی ئازادی خوازی سەرتاسەری دنیادا پشتیوانیتان لەخەڵکی عیراق کرد،وەدامەزراندنی ئایندەیەکی انسانی وباشتر لەعیراقدا بەئێوەو گرێ خواردوە.

**فدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا**

**١٤-٣-٢٠٠٣**

---

P.O BOX 1575 ILFORD IG1 3BZ d.jamal@ukonline.co.uk

کوردستان نێت www.kurdistannet.org